# فوئاد مەعسوم بە چەواشەکردنو درۆکردن دەیەوێت ئەوجارەش بگاتەوە پەرلەمانی ئێراق!



هەینی 5.3.2010


**دەرسیم دیبەگەیی**

Darsim2006@hotmail.com


محەمەد فوئاد مەعسوم خدری ناسراو بە (فوئاد مەعسوم)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی (گەلی کوردستان)ی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی (4.3.2010)دا، کە برادەرێک تۆماری کردبوو، خۆم لای ئەو برادەرە ئەمرۆکە کاتژمێری (22.30)ی شەو ئەو قسانەی ئەوم گوێ لێگرتو دەستبەجێ دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە دەستمکرد بە نووسینی ئەو بابەتە. ناوبراو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکردەکانی کۆنە بەعسییەکان، سەرەتا باسی ئەوەیکرد کە لەپێناوی لاوازکردنی سەدامو رووخانی رژێمدا پەیوەندییان بە کۆمەڵێک سەرانی بەعسەوە کردووە وەکو وەفیق سامەرائی، نزار خەزرەجیو سالح موتلەگ. فوئاد مەعسوم لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەو نامەیە کرد کە کاتی خۆی بۆ پشتیوانیکردن لە سەرۆک ئەرکانی میلیشیای سەدام نزار خەزرەجی بۆ وەزیری دادی دانمارکی ناردبووی. بەڵام مەعسوم گووتی: (بەڵێ من کاغەزم نووسیووە، ما چمان نووسیبوو، نووسیبووم بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئەو کابرایە کەسایەتییەکی سەربازی ناسراوە لەناو سوپای ئێراق. ئەوکاتە بەڕاستی هیچ زانیاریمان نەبوو کە بەشداری کردووە لە شت یان نا. ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بوو ئەنفالو کیمیاباران بوو، وە ئێستاش دەرکەوت بڕیارەکە لەلای سەدام–ەوە بووە. وە مەسەلەی ئێمە ئەوە نەبووە ئەوانە دادگایی بکرێن یان نا! ئێمە نەمان گوتیە گوناهی نییە، بەرپرسیتی نییەو هیچ شتێکی نییە، گوتوومانە پێمان ناخۆش بووە دانمارک رادەستی سەدامی بکاتەوە یان دەری بکات. خۆ سوڵتان هاشم پەیوەندی بە مام جەلال–ەوە هەبوو سورەیای ئێمەی لەلابوو. ئەوە ئێستا سوڵتان هاشم سزای لە سێدارەدانی درایتێ، دەستمان بەرز نەکردوتەوەو نەمانگوتووە نابێ لەسێدارە بدرێ). سەرەتا قسەکانی فوئاد مەعسوم جگە لە کۆمەڵێک بێ ویژدانیو قسەی ناڕاست هیچ شتێکی تر نییە، کە هەر هەمووی بە بەڵگە بەدرۆدەخەمەوە:

فوئاد مەعسوم لەنامەیەکدا کە رۆژی چوارشەممە (10.10.2001) بۆ وەزیری دادی دانمارکی (فرانک یەنسن)ی نووسیوە (کە دەقی نامەکە لە خوارەوەدا هاوپێچ کراوە)، نووسیوێتی: (فەریقی یەکەمی روکن، نزار ئەلخەزرەجی، لەلای ئێمە وەکو کەسایەتییەکی سەربازی نیشتمانیی بێوێنەو خاوەن ناوو ناوبانگێکی باش ناسراوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە ئەو (خەزرەجی) هیچ رۆڵێکی نەبووە لە لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی، هەروەها بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیشی نەکردووە لە کوردستانی ئێراق، کە نزیکەی (182) هەزار هاووڵاتی کورد تیایدا بوونە قوربانی، ئەو (نزار خەزرەجی) بەوە ناسرابوو کە دژی تاوانی جەنگ بوو، هەروەها خاوەنی کەسایەتییەکە کە شایستەی رێزو ستایشە). ئایا نامەکەی ناوبراو لەگەڵ قسەکانیدا یەکن یان جیاوازن؟ ئەوە بۆ خوێنەر جێدەهێڵم. باشە ئەگەر فوئاد مەعسوم وەکو لە دیمانەکەدا باسی دەکات راست دەکاتو زانیاری نەبووە لەسەر نزار خەزرەجی کە ئایە بەشداری ئەنفالو کیمیابارانکردنی کردووە یان نا، با بینووسیبایە ئێمە نازانین نزار خەزرەجی بەشداری کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی کردووە یان نا، نەک وەکو ئەوەی لە نامەکەیدا نووسیوێتی: (بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە ئەو (خەزرەجی) هیچ رۆڵێکی نەبووە لە لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی، هەروەها بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیشی نەکردووە لە کوردستانی ئێراق). ئەو لە دیمانەکەدا دەڵێت: (ئێمە نەمانگوتووە گوناهی نییە، بەرپرسیتی نییەو هیچ شتێکی نییە، گوتوومانە پێمان ناخۆش بووە دانمارک رادەستی سەدامی بکاتەوە یان دەری بکات). ئێمە لە هەولێر دەڵێین: (دەک

ماڵی درۆ (درۆزن)م بە قوڕ گرتبێت)! ئەوەش بۆ خوێنەر جێدەهێڵم چونکە بە بەراوردکردنی قسەکانی دیمانەکەو قسەکانی ناو نامەکە زۆر بە ئاسانی درۆکانی مەلا فوئاد دەردەکەون. بەڵام سەبارەت بەوەی کە فوئاد مەعسوم بەقسەی خۆی کە پێی ناخۆش بووە نزار خەزرەجی رادەستی رژێمی ئێراقی بکەنەوە یان دەری بکەن. من نازانم فوئاد مەعسوم بەخۆی نەزانە یان خەڵک بە نەزان دەزانێت. چونکە ئەو باش دەیزانیو دەزانێت کە نەک تەنیا دانمارک بەڵکو هیچ وڵاتێکی ئەندام لەناو یەکێتیی ئەوروپی کە دانمارک لە ساڵی (1973)ەوە ئەندامە تیایدا، ناتوانن تەنانەت گەورەترین تاوانباریش رادەستی وڵاتێک بکەنەوە کە سزای لەسێدارەدانی تیادا جێبەجێ بکرێت، دواتر نزار خەزرەجی مافی مانەوەی (ئیقامەی تۆڵت ئەپهۆڵ – Taalt ophold)ی هەبووە لە دانمارک، ئەو جۆرەی مافی مانەوەش کە زۆر سنووردارەو کۆمەڵێک مەرج دەخەنە سەر کەسەکان، تەنیا بۆ ئەو کەسانەشە کە لە وڵاتی خۆیان تاوانیان ئەنجام داوە یان بەشداری تاوان بووینە، بەڵام لەبەرئەوەی لە وڵاتەکانیاندا سزای لەسێدارەدان هەیە بۆیە نایان نێرنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان یان دەریان ناکەن لە دانمارک.

هەرچی سەبارەت بە تاوانباری ئەنفال سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکاتو دواتریش وەزیری بەرگری سەدامە، فوئاد مەعسوم دەڵێت: (خۆ سوڵتان هاشم پەیوەندی بە مام جەلال-ەوە هەبوو سورەیای ئیمەی لەلابوو. ئەوە ئێستا سوڵتان هاشم سزای لە سێدارەدانی درایتێ، دەستمان بەرز نەکردۆتەوەو نەمانگوتووە نابێ لەسێدارە بدرێ). لێرەدا بە فوئاد مەعسوم دەڵێم: (مام سالح بوەستە، ئەوەیان هەر زۆر زۆرە). ئەو دەڵێت: ( دەستمان بەرز نەکردۆتەوەو نەمانگوتووە نابێ لەسێدارە بدرێ). منیش لەوەڵامدا تەنیا ئاماژە بە دوو نموونەی پوک ئۆنلاینو کوردستانی نوێ دەکەم، کە ناڕاستگۆیی فوئاد مەعسوم دەردەخەن. ماڵپەڕی پوک ئۆنلاین، لەرێکەوتی (7.9.2007)دا نووسیویێتی: (جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری ئێراق سەر لەبەیانی ئەمڕۆ هەینی (7.9.2007)، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشکرایکرد کە سبەینێ رۆژی شەممە عەلی حەسەن مەجید لەسێدارە نادرێت، کە لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ئێراقی لەچەند رۆژی رابردوودا سزای لەسێدارەدانەکەی چەسپاو بڕیاربوو رۆژی شەممە جێبەجێ بکرێت. بەبڕوای سەرۆک کۆماری ئێراق هەموو لەسێدارەدان دەبێت بەنووسراوی سەرۆکایەتی کۆمار بڕیاری کۆتایی لێ بدرێتو تائێستاش هیچ شتێکی لەو شێوەیەی پێنەگەیشتووە. تاڵەبانی لەو کۆنگرە رۆژنامەنووسیەدا کە لە شاری سلێمانی سازیکردبوو رایگەیاند کە وەکو باوەڕو پرانسیپی خۆی لەگەڵ سزای لەسێدارەداندا نییە، چونکە ئەندامی سۆشیال دیموکراتی جیهانییەو پەیماننامەی قەدەغەکردنی سزای لەسێدارەدانی واژۆکردووە. هەروەها ئەوەشی روونکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سزای لەسێدارەدانی سوڵتان هاشمی وەزیری بەرگری پێشووی ئێراقدا نیە. سەرۆک تاڵەبانی ئاماژەی بەوەکرد کە سوڵتان هاشم لەسەردەمی رژێمی سەددام حوسێندا پەیوەندی هەبووە پێیانەوەو چەندینجار داوای لێکراوە کە دژی رژێم بوەستێتەوە، سەرۆک کۆمار وتیشی: ئێستا چۆن کەسێک پێشتر پەیوەندی پێمانەوە هەبووە، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربکەین). هەروەها رۆژنامەی کوردستانی نوێ، لەژمارە (4401)ی رۆژی یەکشەممە (21.10.2007)دا لە لاپەڕەکانی (2+3)دا دیمانەیەکی مام جەلالی لەگەڵ کەناڵی (العربیة)دا کە جیزیل خوری ئەنجامی داوەو لەژێرناوی: (لەدیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی العربیة – سەرۆک تاڵەبانی: تاڵەبانی دەڵێت: (من لە روی پرانسیپەوە دژی سزای لەسێدارەدانم، چونکە واژۆم لەسەر بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی کردوە بۆ رەتکردنەوەی سزای لەسێدارەدان. سەبارەت بە فەریق روکن (سوڵتان هاشم)یش ، پێم وایە کە شیاوی ئەوە نییە لەسێدارە بدرێت هەروەها پێش هەموو کەسێک بە ئاشکرا داوام کرد کە حوکم نەدرێت بەڵام وەک خۆت دەزانیت دادگا سەربەخۆیەو دواتر داوای جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕیارەم کردوە تا سزاکەی سوک بکرێت چونکە ئەو پیاوە ئەفسەرێکی بە تواناو باش بووەو ئەو فەرمانانەی جێبەجێ کردوە کە لە سەدام حوسێنەوە دەرچووە ، ئەویش وەک کەسێکی سەربازی نەیتوانیوە سەرپێچی بڕیارو فەرمانەکان بکات، چونکە سەدام حوسێن هەر کەسێکی دەکوشت کە سەرپێچی بڕیارەکان بکات ، بەڵێ من دژی لەسێدارەدانی سوڵتان هاشممو داوام کردوەو داواش دەکەمەوە کە لەسێدارە نەدرێتو ئەگەر مەسەلەکە ئیمزای من بێت ئەوا من

هەرگیز ئیمزای لەسێدارەدانەکەی ناکەم. ئەگەر جێبەجێی کردنەکە پێویستی بە مەرسوم بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ئێمە لە سەرۆکایەتی کۆمار هەرسێکمان فەرمانی لەسێدارەدانی وەزیری پێشوتری بەرگری ئیمزا ناکەین). ئەو لێدوانانەی مام جەلال سەرتاپای قسەکانی فوئاد مەعسوم رەتدەکاتەوە دەیسەلمێنێ کە ئەوان نەک تەنیا لەدژی لەسێدارەدانی سوڵتان هاشم دەستیان بەرزکردۆتەوە، بەڵکو قاچیشیان بەرزکردۆتەوە. بەڵام مەرج بێت فوئاد مەعسوم گەر بێتە دانمارکو لەهەر شوێنێک تووشی ببم، دەبێت تەماتەباران یان هێلکە بارانی بکەم.

هەروەها فوئاد مەعسوم بەوەندەش نەوەستاوە، بەڵکو لە ئێوارەی رۆژی دووشەممە (18.11.2002)دا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (ANN)دا، لەتەوەرێکی گفتوگۆدا بۆ بەرنامەی (قناديل في الظلام)دا لەژێرناوی (محنة الاشهر المتفجرة في عراق المحن)دا، لەئامادەکردنو پێشکەشکردنی (دکتۆر محیەدین ئەللازقانی)دا، کە دەقی دیمانەکەم تۆمارکردووە، فوئاد گوتی: (سوپای ئێراق بەشداری ئەنفالی نەکردووە، ئەگەر بەشداریشی کردبێت تەنیا بە یەک تیپ (فرقة) یان کەمتر لە تیپێک بەشداری کردووە، هێزەکانی حزبی بەعس ئەنفالیان کردووە). ئەوەیە فوئاد مەعسوم کە لەسەرەوەدا ئاماژەم پێکردووە، ئەمڕۆکە دەیەوێت دیسان بگاتەوە پەرلەمانی ئێراق، لەکاتێکدا کە پێشتر بێتاوانی سەرۆک ئەرکانی میلیشیای ئێراق نزار خەزرەجیو بەناو سوپای ئێراق بێتاوان نیشاندەدات لە ئەنفالکردنی کوردو کاولکردنی کوردستان. ***بۆیە داواکارم لە کەسوکاری شەهیدان، زیندانە سیاسییەکان، خانەوادەو پاشماوەی ئەنفالکراوەکان، خانەوادەی کیمیابانکراوەکانو دانیشتوانی دێهاتو ناوچە کاولکراوەکانی کوردستان دەنگ نەدەن بە فوئاد مەعسوم کە بەناو سوپای ئێراقو سەرکردەکانی بە بێتاوان ناودەبات***.

فوئاد مەعسوم لە رێکەوتی (20.4.2002)دا کۆڕێکی لەسەر رەوشی کوردستانو رۆڵی سەرانو پارتە کوردستانییەکان لەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقیدا بۆ کوردانی دانمارک لە شاری (ئۆغوس)دا بەستو، لەو کۆڕەدا (هیوا بەکر کۆیی) کە بەرپرسی کۆمیتەی (یەکێتیی) بوو کۆڕەکەی بەڕێوەدەبرد هەروەها هەڵوێستشی باشبوو لەدژی نزار خەزرەجی، بۆماوەی (45) خولەک رێگای پێدام لەسەر هەڵوێستی نێگەتیڤانەی پارتە کوردستانییەکانو سەرکردەکانیان گفتوگۆ لەگەڵ فوئاد مەعسوم بکەم. یەکێک لەو پرسیارانەی کە ئاراستەی فوئاد مەعسومم کرد ئەوەبوو: ئایا تۆ نامەت ناردووە بۆ وەزیری دادی دانیمارکی بە مەبەستی بێتاوان نیشاندانی نزار خەزرەجی سەرۆکی میلیشیای بەعس! وەڵامەکەی ئەو پیاوە بە: (نەخێر نامەم نەناردووە) بوو! ئەوە لە کاتێکدا کە کۆپییەک لە نامەی ناوبراو بۆ وەزیری داد لەناو گیرفانمدا بوو. هەرچەندە خۆم کەسێکم باوەڕم بە ئایین نییەو دەڵێن سەردەمی محەمەدی مەهدی ئەوەی درۆی بکردایە یەکسەر دەموچاوی رەش دەبوو، بۆیە لەپێناوی دەرکەوتنی راستیو ئاشکرابوونی درۆکات سەردەمێکی وا دەردەکەوت بۆئەوەی کەسانی وەکو فوئاد مەعسوم زاتی ئەوەیان نەکردایە وا بێشەرمانە درۆ بکەن!

ئاخر تێناگەم فوئاد مەعسوم چ دەستکەوتێکی هەبووە بۆ کورد تا بکرێت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی ئێراقو ئەوجارەش هەڵبژێردرێتەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەولێرو ژمارەکەشی (2) بێت؟ هەر لەو کۆڕەی شاری (ئۆغوس)دا، دوای ئەوەی فوئاد مەعسوم زۆر بەشانو باڵی ئەو فیدراڵییەی هەڵدا کە لەگەڵ برا عارەبەکانیدا بۆ ئێراقی دوای رووخانی سەدام لەسەری رێککەوتوون، پرسیاری ئەوم لێکرد: ئایا لەسەر دیاریکردنی سنووری ئەو فیدراڵییەی کە عارەبەکان بۆ کورد پەسندیان کردووە پێکهاتوون یان قسەتان کردووە؟ لەوەڵامدا مەعسوم گووتی: (نەخێر نە پێکهاتووینو نە قسەمان کردووە، گرنگ ئەوەیە کە ئەوان فیدراڵیان بۆ کورد پەسندکردووە، ئەوەی دەمێنێتەوە چەند شتێکی تەکنیکییەو چارەسەرکردنی ئاسانەو کێشەیەک دروست ناکات). هەڵسامەوەو پێمگووت: (بەداخەوە بۆ سەرکردایەتی کورد کە بەمشێوەیە باوەڕ بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی دەکات، کە لەدوای رووخانی سەدام گەورەترین

کێشە بۆ کورد دروست دەکەنو لەو سنوورەی ئێستاکەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی زیاتر ناسەلمێنن بۆ کورد). ئاخر هەر ئەو فوئاد مەعسومە بوو لەدوای رووخانی رژێمی سەدام، مام جەلال ناردی بۆ (ناسریە)و لەڕێکەوتی (15.4.2003)دا رێکەوتنێکی لەگەڵ لایەنە عارەبەکانی ئێراقدا مۆرکرد کە ناوەڕۆکەکەی لەخوارەوەدا هاوپێچ کراوە، بزانن چی تیایە بۆ کور؟ تەنانەت بەیەک ووشەش باسی کوردو مافەکانی خەڵکی کوردستان نەکراوە.

3-Oct-01 10:45

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

FOREIGN BUREAU

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەکتەبی دەرەوە

لندن

2001/10/11

السيد وزير العدل في حكومة الدانمارك - كوبنهاغن المحترم .

الفريق الاول الركن نزار الخزرجي .. معروف لدينا كشخصية عسكرية وطنية مرموقة، و ذو سمعة طيبة.

وحسب معلوماتنا فانه لم يكن له دور في ضرب مدينة حلبجة بالاسلحة الكيمياوية، كما لم يشارك في عمليات الانفال في كردستان العراق التي ذهب ضحيتها حوالي 182000 مواطن كردي عراقي، وكان معروفاً عنه انه ضد جرائم الحرب، وهو شخصية جديرة بالتقدير والاحترام .

وشكراً.

د. فؤاد معصوم
عضو المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستاني
مسؤول مكتب الخارج

# نص البيان الصادر عن مؤتمر العراق

**Reuters**
**4/15/03**

قاعدة طليل الجوية -العراق- (رويترز) -عقد يوم الثلاثاء اول مؤتمر عن مستقبل العراق بحضور زعماء سياسيين ودينيين عراقيين وايضا مسؤولين امريكيين وبريطانيين .

وقال تقرير على موقع القيادة المركزية الامريكية للحرب في قطر على الانترنت ان بيانا صدر في ختام الاجتماع .

وقال متحدث باسم المؤتمر الوطني العراقي ان الاجتماع أقر البيان بالاجماع .

وفيما يلي ترجمة غير رسمية للبيان :

1- يجب ان يصبح العراق ديمقراطيا .

2- الحكومة المستقبلية للعراق يجب ألا ترتكز على الهوية الطائفية .

3- يجب تنظيم أي حكومة مستقبلية كنظام اتحادي ديمقراطي ولكن على أساس التشاور على مستوى البلاد ككل .

4- يجب اعلاء حكم القانون .

5- يجب بناء العراق على اساس احترام التعددية بما في ذلك احترام دور المرأة .

6- يناقش الاجتماع دور الدين في الدولة والمجتمع .

7- ناقش الاجتماع مبدأ ان العراقيين يجب ان يختاروا زعماءهم وألا يفرضوا عليهم من الخارج .

8- انه يجب رفض العنف السياسي ويجب ان ينظم العراقيون انفسهم على الفور لمهمة اعادة الاعمار على المستويين المحلي والوطني .

9- ان العراقيين والتحالف يجب ان يعملوا سويا لمعالجة القضايا العاجلة الخاصة باستعادة الامن والخدمات الاساسية .

10- أنه يجب حل حزب البعث وازالة آثاره على المجتمع .

11- أنه من الضروري ان يكون هناك حوار مفتوح مع كل الجماعات السياسية الوطنية لضمها للعملية .

12- ان الاجتماع يدين النهب الذي حدث وتدمير الوثائق .

13- وافق العراقيون المشاركون في اجتماع الناصرية على ضرورة عقد اجتماع آخر في غضون عشرة ايام في مكان يحدد مع مشاركين عراقيين اضافيين وان تبحث خطوات تطوير سلطة مؤقتة عراقية

Nasiriya on April-15-2003

back || home